خودایە لە قەومەکەم خۆش بە، چونکە ئەوان نازانن

لە ئەبی عبدالرحمان عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: دەڵێت سەیری پێغەمبەری خودا دەکەم -صلى الله عليه وسلم- چیرۆکی یەکێک لە پێغەمبەران دەگێڕێتەوە -عليهم الصلاة والسلام- کە قەومەکەی لێیاندا هەتاوەکو خوێن لە لاشەی دەرچوو، وپاشان خوێنی لەسەر دەموچاوی دەسڕی ودەیفەرموو: «»خودایە لە قەومەکەم خۆش بە، چونکە ئەوان نازانن.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی چیرۆکی یەکێک لە پێغەمبەرانی کرد کە قەومەکەی لێیاندا؛ وئەویش خوێنی لەسەر دەموچاوی دەسڕی ونزای بۆیان دەکرد، وئەمیش ئەوپەڕی لەسەرخۆیی وئارامگرتنە لەسەر ناڕەحەتیەکان، وتەنها نزای بۆیان نەکرد بەڵکو لەگەڵ ئەمەشدا بیانووی بۆیان هێناوە لەسەر ئەم کردەوەیان ئەمیش وەکو دەربڕینی ڕەحمەت وبەزەیی بەرامبەریان چونکە سەبارەت بە هەقیقەت وڕاستیەکان نازانن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3594